### ڕێبوار ئەحمەد لە گفتوگۆیەکدا سەبارەت بە ئاشکراکردنی فایلەکانی جاسوسیکردن بۆ بەعس:

# "ئایا شتێکی سەیرو سەمەرەیە کە ئەوانەی 15 ساڵە لە کوردستان ملهوڕی بەسەر خەڵکدا دەکەن‌و یاری بە چارەنوسی خەڵکەوە دەکەن، کۆنە بەکرێگیراوی بەعس بن؟!"

**سازدانی: سەعید ئەحمەد**

**ئۆکتۆبەر/ بڵاوکردنەوەی فایلی جاسوسیکردن لەسەر لاپەڕەی کۆمەڵێك ڕۆژنامەوە جارێکی تر جەماوەری کوردستانی وروژاند. ئەوانەی کە پانزە ساڵە یاری بە چارەنووسی خەڵکەوە دەکەن‌و سەروەت‌و سامانی ئەم کۆمەڵگایە بەتاڵان دەبەن، تەنها شتێك کە لافیان پێوە لێئەدا ئەوەبوو کە ئەوان خەباتیان کردووە لەدژی ڕژێمی بەعس‌و زەحمەت‌و دەردو کوێرەوریyan لەم ڕێگایەدا چەشتووە، ئێستا ئەم فایلانە دەری خست کە بەشێکی بەرچاو لە کەسایەتی بەرجەستەی ئەم حزبە قەومی‌و ئیسلامییانە خۆیان لەژێرەوە هاوکاریyan لەگەڵ حکومەتی بەعس کردووە. ئەمە جگە لەو فایلانەی کە لەدەورەی پێشووی دوای رووخانی بەعسدا ئاشکراکران‌و ئەوساش کۆمەڵێکیان دانیان بەم کارەیاندا نا. بڵاوکردنەوەی ئەم فایلانە چی ئەگەیەنێ‌و چ مانایەکی سیاسی هەیە؟**

ریبوار ئەحمەد/ با پیش هەر شتیك بە یەك رستە ئەوە بلیم کە ئەم شیوازە واتە ناوبردنی لیستی تۆمەتباران‌و لەوانەش تۆمەتباران بە جاسوسی بە دروست نازانم، ئەمە دەکەویتە ناکۆکیەکی ئاشکراوە لەگەل ئوصولی مەدەنیەت‌و پاراستنی مافە فەردی‌و مەدەنیەکان‌و حورمەتی ئینسانەوە. ئەگەر بتانەوێ لەسەر ئەمە قسەی زیاتر دەکەین، بەلام با جاری وەلامی پرسیارەکەتان بدەمەوە.

راستە ئاشکرابوونی ئەو فایلانە بووەتە جیگای سەرنجی خەلکی کوردستان، بەلام راستی من پیم وانیە کە خەلکی کوردستان لەگەل هەوالیکی سەیرو پیشبینی نەکراو بەرەوروو بووبن. چونکە ئەوە مەسەلەیەکی بە تەواوی ئاشنایە بۆ خەلکی کوردستان، کە لە تەواوی میژووی ئەم حیزبانەدا، بە بەهانەو پاساوی جۆراوجۆر خۆیان وەکو حیزب‌و وەکو سەرکردە، هاوکاری‌و خزمەتی رژیمە سەرکوتگەرو کۆنەپەرستانەکانی ناوچەکەو جیهانیان کردوە. دەست تیکەلاوکردنی ئەم حیزبانە لەگەل موسادی ئیسرائیلی‌و ساواك‌و ئتلاعاتی ئیرانی‌و میتی تورکی‌و مخابەراتی بەعسی‌و...هەروەها هاوکاری کردنیان لە دانی زانیاریەوە تا هاوکاری تاوانەکانیان‌و تیرۆرو کردەوەی سەربازی دژی مخالفینیان، میژوویەکی زۆر ئاشکرایەو هەزارو یەك بەلگەی لەبەردەستی خەلکی کوردستاندایە.

کەوایە مەسەلەکە نەریت‌و عادەتی ئەم حیزبانەیە. هەر ئەمەش بواری کردووەتەوە کە سەرکردەو کادرو بەرپرسەکانیان، لەسەر نەریتی حیزبەکانیان، بەپێی ویست‌و مەرام‌و بەرژەوەندی خۆیان، وەکو فەرد هەمان کاربکەن کە حیزب‌و سەرکردەکانیان دەیکەن. هەر بۆیە کاتیکیش ئەم کاری جاسوسیە بۆ حیزبەکانیان ئاشکرا دەبیت، تەنها مەسەلەیەك کە بیری لیدەکەنەوە ئەوەیە کە چۆن دیزە بەدەرخۆنەی بکەن. ئەگینا ئەوان خۆیان لەگەل ئەم جۆرە کارەدا کیشەیەکیان نیە. وا باوە لە نیو ئەم حیزبانەدا بە تایبەتی بزووتنەوەی کوردایەتی، کەسیك کە لەگەل دەزگا جاسوسیە گەورەکاندا هاوکاری بوبێ، لای ئەوانیش پلەوپایەی بەرزتری بووە. چونکە ووتویانە ئەمە کاری لەدەست دیت!

من جاریکی دیکەش ووتومە، بەرای من ئیستا کە تەنها بەشیك لە مەلەفەکانی بەعس ئاشکراکراون، دەرکەوتوە کە لایەکی سەرکردەو کادرو بەرپرسی ئەم حیزبانە بە ئیسلامی‌و قەومیەوە سەر بە بەعس بوون، هیچ گومان لەوە نیە کە ئەگەر مەلەفی ئیتلاعات‌و موسادو میت‌و سی ئای ئەی ئاشکرا بیت، دەبینین ئەوانی دیکەشیان لای ئەو دەزگایانە خاوەن مەلەفن. لە راستیدا فایلدارە گەورەکان لای دەزگا گەورەکان ناویان دەدۆزریتەوە. ئەمە نەریتی ئەم حیزبانەیە، جا کاتیك جاسوسی بۆ حیزب‌و رابەران شانازی بیت، لانی کەم بۆ ئەوانی تریش حەرام نابیت.

بەلام جیاواز لەمەش، لە 15 سالی رابردوودا خەلکی کوردستان گەلیك رەوشت‌و سیاسەت‌و کاکردی دیکەی لەم حیزبانەو دەسەلاتەکەیان بینیوە کە لەگەل ئەم جاسوسی کردنەدا جوت دینەوە. بۆ نمونە تا ئیستا کارکردن بە قانونەکانی بەعس، سەرکوت‌و تیرۆرو شکەنجەی مخالفی سیاسی، تەقەکردن لەخەلك لەسەر سادەترین داخوازی، ئەستاندنی بە زۆری پەنجەمۆری خەلك بۆ دەسەلاتی داسەپاویان بە ناوی هەلبژاردنی ئازادەوە... ئایا بۆ خەلکی کوردستان مەسەلەیەکی چاوەروان نەکراوە کە ئاشکرا ببێت، بەرپرسانی گەندەل‌و تالانچی، ئەوانەی بە داهاتی خەلك‌و کۆمەلگا گەورەترین سەروەت‌و سامانیان ناوە بەیەکەوەو بانکەکانی ئەوروپاشیان پرکردوە، کۆنە بەکریگیراوی بەعس بن؟ ئایا بۆ خەلك شتیکی سەیرو سەمەرەیە کە ئەوانەی 15 سالە لە کوردستان ملهوری بەسەر خەلکدا دەکەن‌و یاری بە چارەنوسی خەلکەوە دەکەن، کۆنە بەکریگیراوی بەعس بن؟ ئایا تیرۆریستانی ئیسلامی کە لە پیناو مەرامە چەپەڵەکانیاندا لە کوشتاری مندال‌و خەلکی بیتاوان‌و لەت‌و پەتکردنی ئینسان سل ناکەنەوە، چاوەروانی ئەوەیان لیدەکریت لە جاسوسی کردن بۆ بەعس سل بکەنەوە؟

بە بروای من ئاشکرابونی ئەم فایلانە، پیش هەموو شتیك نیشانەی پەردەلاچونە لەسەر لایەکی دیکەی میژوو و ماهیەتی ئەم حیزبانە، ئینجا لەسەر خودی کەسەکان. ئەمە دەچنە سەر هەزاران بەلگەی تر بۆ ئاشنابونی خەلك بە ماهیەتی ئەم حیزبانەو بە پێویستیی تەریکخستنەوەیان. بەلگەی ئەوەن کە خۆشباوەری بەم حیزبانە خەتایەکە خەلك لە دژی خۆی ئەنجامی دەدات. ئەوەی ئیستا ئەم حیزبانە دەیکەن لە کوردستانداو هەر خودی ئەو کەسانەش کە فایلەکانیان ئاشکرابووە دەوری بەرچاوی تیادا دەگیرن، لە ناوەرۆکدا جیاوازیەکی نیە لەگەل ئەوەی کە بۆ بەعس کردویانە.

**ئۆکتۆبەر/ سەرباری ئەوانەی باست کرد، ووتت تۆ بلاوکردنەوەی لیستی ناوی فایلدارەکان‌و فایلەکانیان بە دروست نازانی. بۆچی لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ئەم فایلانەدا نیت؟ ئایا ئەمە خزمەت بە پەرەگرتنی خەباتی حەقخوازانەی جەماوەری خەڵکی کوردستان ناکات لەدژی ئەم دەسەڵاتە گەندەڵ‌و تاڵانچی‌و دژی خەڵکیە؟ هەر ئەوەی کە کۆمەڵێك لەو ناوانە پاکانە بۆ کارەکانیان دەکەن، یان حزبەکانیان دەڵێن بە فەرمانی ئێمە ئەو کارەیان کردووە، خۆی نیشانەی ڕاستی ئەم فایلانە نییە؟**

ئایا ئەمە جۆرێك لە دادگای جەماوەری‌و ئاشکرای ئەم تۆمەتبارانە نییە؟ ئایا خستنەڕووی بەڵگەنامەکان لەسەر رووپەری رۆژنامەکان بۆ بەرچاوی خەڵك‌و ئاگادارکانەوەیان لەو بەڵگانەو بواردان بە تۆمەتبارەکان بۆ دیفاعکردن لەخۆیان لەسەر رووپەڕی هەمان رۆژنامەدا جۆرێك لەدادگای ئاشکراو جەماوەری‌و شەفاف نییە؟ ئەمە بەرچاوی خەڵکی روون ناکاتەوەو راستیەکان بۆ خەڵکی دەرناخات؟

ریبوار ئەحمەد/ قسەیەکی پوچی باو هەیە کە دەڵێ (الهدف یبرر الوسیله)، منصور حکمت لەبەرامبەر ئەمەدا ووتی (الهدف لایبرر الوسیله). کیشەو ناکۆکی‌و ئیختلافی من لەگەل ئەحزابی ئیسلامی‌و ناسیونالیستی هەتا بڵێی قووڵە، بەڵام ئەمە ناتوانی بەلگەیەك بیت بۆئەوەی کە ئێمە هیچ رەوشتیکی نا ئوصولی‌و پیچەوانەی پرەنسیپە مەدەنی‌و ئینسانیەکان بۆ بردنە پیشی ئەم خیلافاتە بگرینەبەر. بە بروای من بەدەر لە نیەتی دلی ئەوانەی کە ئەم لیستانە بلاودەکەنەوە، هەروەها بەدەر لەوەی کە تاوانباران کێن‌و چ تاوانیکیان کردوە، بلاوکردنەوەی لیستی ناوی کەسانیك لەسەر لاپەری رۆژنامەو ناوبردنی وەکو جاسوسی بەعس، ئەویش بەبێ ئەوەی هیچ پرۆسەیەکی دادگایی بەریوەچوبیت، بە کردەوە دەکاتە ناوزراندنی ئینسان‌و پیشیلکردنی مافی فەردی‌و مەدەنی ئەو کەسەو شکاندنی حورمەتی ئینسانی.

ئەوەی کە هەندیك لەم کەسانە خۆیان ئینکاری ناکەن‌و دان بە تاوانەکەیاندا دەنین، یان حیزبەکانیان دەڵین بە ئاگاداری ئیمە ئەم کارەیان کردوەو بەم جۆرە بۆیان پاساو دەدەن، هیچ لەو حوکمەی سەرەوە ناگۆریت. لە روانگەی مافە مەدەنیەکان‌و بەرنامەی حیزبی ئیمەوە، هەر تۆمەتباریك تا نەچیتە بەردەم دادگاو مافی ئەوەی پینەدریت کە روونکردنەوەی خۆی لەسەر ئەو تۆمەتە بدات، تا لە فەزایەکی ئازادی دوور لە زەخت‌و فشاردا بواری نەدریت ئەوە روون بکاتەوە کە لە چ هەلومەرجیکداو بۆچی بەو کارە هەستاوە، تا مافی ئەوەی پینەدریت کە پاریزەری هەبیت بۆ ئەوەی بە شیوەی قانونی بەرگری لیبکات، تا دادگا تاوان‌و بەلگەکان‌و روونکردنەوەکان هەلنەسەنگینیێ‌و تاوانەکەی ساغ نەکاتەوە... ئەو تۆمەتبارە بە بیتاوان دادەنریت‌و نابی ناوی بزرینریت.

"ئایا ئەمە خزمەت بە پەرەگرتنی خەباتی جەماوەری ناکات؟" بە بروای من ئەو رەوشتە حزمەت ناکات، بەلکو فەزایەکی خراپ‌و ئالودە دەخولقینێ کە تیایدا حورمەتی هەموو کەس دەکەویتە بەردەم خەتەری زراندنەوە. خەباتیکی جەماوەری هوشیارانەو ئامانجارانە لە باردەچیت. هەرکەس دەتوانی بۆ هەرکەس تۆمەت هەلبەستیت‌و ناوی بخاتە سەر لاپەرەی رۆژنامە. لە فەزایەکی وەهادا ئتیر بەلگە بایەخی نامینیێ‌و کەسیش بە دوای بەلگەدا ناگەریت. سەرئەنجام سبەی خودی ئەم حیزبە خاوەن فایلانە دەست دەکەن بە فایل سازی بۆ هەرکەسیك کە مخالەفەتیان بکات. ئەم شیوازە لە رووی ناوەرۆکیشەوە زۆرتر دەچیتە خانەی تۆلەوە. لە کاتیکدا دادگایی لە بنەرەتدا لە روانگەیەکی مەدەنی‌و ئینسانیەوە تۆلە نیە، بەلکو بارهینان‌و ریگاگرتنە لە تاوان‌و گیرانەوەی تاوانکارە بۆ کۆشی کۆمەلگا. ئەم رەوشت‌و فەزایە بە پیچەوانەوە لە تۆلەی ئەوەی ئەو کەسە تاوانی کردوە، ناوی دەزرینی‌و سوکی دەکات‌و کەرامەتی دەشکینێ، بەم جۆرە ئەو کەسە شکینراوە زیاتر هاندەدریت بۆ ئەوەی لە هیچ کردەوەیەکی خراپ سل نەکاتەوە، چونکە شتیکی نەماوە کە نیگەرانی لە دەستدانی بیت.

"ئایا ئەمە جۆریك لە دادگای جەماوەری‌و ئاشکرای ئەم تۆمەتبارانە نییە؟ کە بەلگەکان دەخرینەروو، تاوانبارانیش دەتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن؟" نەخیر ئەمە هیچ لیکچونیکی لەگەل دادگایی ئاشکرادا نیە. لاپەرەی رۆژنامە دادگا نیە. پرۆسەی دادگایی‌و لیکدانەوەو هەلسەنگاندنی بەلگەو... شتیکەو بلاوکردنەوەی بەلگە لەسەر لاپەرەی رۆژنامە شتیکی ترە. گریمان کەسیك لە رۆژنامەیەکەوە ناوی وەکو جاسوس لەگەل بەلگەکان بلاودەکریتەوە، پاشان خۆی بەرپەرچی دەداتەوەو بە درۆی دەخاتەوە. سەرئەنجامی ئەمە دەکاتە چی؟ کەسانیك بە بەلگەی رۆژنامەکە باوەر دەهینن‌و کەسانیکی تریش رەنگە بە وەلامی تۆمەتبار، بەلام ئەمە سەرئەنجام چۆن یەکلادەبیتەوەو کام مەرجەع بریاری کۆتایی دەدات؟ کۆمەلگا نیوەی بە جاسوسی دەزانن‌و نیوەکەی تر نا، بەم جۆرە بەدەر لەوەی بەرگریەکانی تۆمەتبار لە خۆی دروست یان نا دروست بیت، ناوی زراوە. لە کاتیکدا دادگا دەبی بە هەلسەنگاندنی بەلگەکان‌و بەرگری تاوانبار لە خۆی، حوکمی کۆتایی بدات‌و مەسەلەکە ساغ بکاتەوە. کاتی خۆی لە گەرمەی کیشمەکیشی نیوان ئیمەو یەکیتیدا، هاوریەکمان ووتی من بەلگەکی بەهیزو ئاشکرام پەیداکردوە لەسەر ئەندامیکی ناوداری سەرکردایەتی یەکیتی پیت باشە بیخەمە سەر سایت‌و بۆ خەلکی ئاشکرابکەم؟ ووتم کاری وا نەکەیت، ئەوە رەوشتیکی دروست نیە، بەشیك هەر لەم بەلگانەم بۆ باسکردو ووتم ناکریت لەبەر ئەوەی یەکیتی هاورییانی ئیمەی کوشتوەو تاوانی کردوە لەبەرامبەرمان، ئیمە لە ئوصول‌و بەرنامەی خۆمان لابدەین.

**ئۆکتۆبەر/ لە کوردستاندا کە هیچ دادگاو مەرجەعێکی بێلایەن لەئارادا نییە، چ رێگەیەك هەیە لەبەردەم خەڵکیدا بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەم مەسەلەیەو دەرخستنی راستی‌و ناڕاستی ئەم جاسوسی‌و هاوکاریکردنەی رژێم؟ ئایا پێت وایە بڕیاری مەسعود بارزانی بۆ دروستکردنی لیژنەیەك بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر خاوەن فایلەکان بتوانێت ئەم مەسەلەیە ساغ بکاتەوە؟**

ریبوار ئەحمە/ کەوایە لە پیشدا مەسەلەی سەرەکی هەولدانە بۆ دەرهینانی کوردستان لەم بیٚسەرەوبەرەیی‌و بیٚ قانونیەیە، ئەمەش بە پیشلکردنی ماف‌و پیوانە مەدەنیەکانی ئینسان ناکریت. گومانیش لەوە نیە کە بریاری مسعود بارزانی خۆی لە خۆیدا بۆ ئاشکراکردنی حەقیقەت‌و یەکلاکردنەوەی ئەم مەسەلەیە نیە، ئەمە مەسەلەیەکە لەدژی میژوو و کارکردی خۆیان‌و ئەو ئەم کارە ناکات، مەگەر لە ژیر زەختی خەلکدا بسەپینریت.

لە بارەی چی کردنەوە لە پیشدا دەبی ئەوە رۆشن بیت کە ئەم مەسەلەیە ئیستا خەتەریکی بالفعل نیە لەسەر خەلك‌و کۆمەلگا، چونکە رژیمی بەعس نەماوە تا خەتەریك بیت‌و جاسوسی کردنیش بۆ ئەم رژیمە ئەو خەتەرە گەورە بکاتەوە لەسەر خەلك. ئەمە خەتاو تاوانیکی پەیوەست بە رابردوە. ئەمەش بەو مانایە نیە کە خەلك لە بیری بکات‌و بە دوای ئاشکرابونی حەقیقەت‌و دادگایی‌و سزای تاوانبارانەوە نەبیت، بەلکو مەبەستم ئەوەیە کە نەمانی بەعس‌و خەتەری بالفعلی ئەم مەسەلەیە، بواری ئەوە دەدات کە بە ئارامیەکی زیاترەوە هەنگاوی بۆ هەلگیریت، لەوانەش هەنگاو هەلگرتن لە ریگای بەرپاکردنی هەلومەرجیك کە لە سایەی حوکمی یاساو دادگایەکی مەدەنی‌و عادلانەدا ئەم مەسەلەیەو سەدان‌و بگرە هەزاران فایلی دیکەی لەم بابەتە بۆ بەعس‌و دەزگا جاسوسیەکانی دەولەتانی سەرگوتگەری دیکە. یەکلابکریتەوە.

لایەنیکی تری ئەم چی کردنە ئەوەیە کە دەبی ئەم مەسەلەیە وەکو بەشیك لە فایلی سیاسی ئەم حیزب‌و بزووتنەوە قەومی‌و ئیسلامیانە پەردەی لەسەر لابدریت. ئەم مەسەلەیە بەبیٚ ناوبردن‌و ناو زراندنی ئەفراد وەکو مەسەلەیەکی سیاسی‌و بەلگەیەك لەسەر ماهیەتی ئەم حیزبانە قسەی لەسەر بکریت. من خۆم پیشتر بەبیٚ ناوبردنی کەس لەسەر ئەم مەسەلەیە ووتارم نوسیوە، هەلبەت تەنها ناوی کەسانیکم بردوە کە لەم بارەیەوە بۆ پاساودانی جاسوسی قسەیان کردوە، من بەبیٚ لیٚدانی تۆمەت‌و باسکردنی هیچ بەلگەیەك لەسەر جاسوس بونیان، وەلامی پاساوەکانیانم داوەتەوەو جەدەلم لەگەل کردون. ئیستاش دەبیٚ ئەم کارە بکریت. سەرئەنجام ئەوە مسئولیەتی ئەو حیزبانەیە کە حەقیقەت لەبارەی کارو کردەوەی جاسوسی کەسانی سەربەخۆیانەوە روون بکەنەوە. ئەوانیش نیشانیانداوە کە بە تایبەت بۆ کەسە ئەصلیەکانی خۆیان پاساو دەهیننەوەو دەچنە پشتی مەلەفی ئەفرادەکانیان. کەوایە خەلك تەنها لەگەل جاسوسانیك بەرەوروو نیە بەلکو لەگەل ئەحزابیك بەرەورووە کە لە پشتی جاسوسانی بەعس راوەستاون. بۆیە مەسەلەی ئەصلی یەکلاکردنەوەی تەکلیفی خەلکە لەگەل ئەم حیزبانە. مەسەلەی ئەصلی ئەوەیە کە کۆمەلگا لە رکیفی ئەم حیزبانە دەربهینریت.

لە هەمانکاتدا تا کاتیك کە دەسەلاتی ئەم حیزبانە داسەپاوو لەسەرکاربیت، کۆمەلگا دەبی فشاریان بخاتە سەرو ناچاریان بکات بۆ ئەوەی دان بە حەقیقەتدا بنین‌و راستیەکان بۆ خەلك ئاشکرا بکەن‌و دادگایەکی ئاشکرا بە پیوانە مەدەنیەکانەوە لەسەر ئەم فایلانە بەریوەبەرن.